# لە چواردەمین ساڵیادی را پەرینە مەزنەکەی بەهاری( 1991 ) دا

## بەرزو پیرۆز بێت (12 ) ی ئادار یادی(20 ) رۆژەی ئازادیی مەخموور و قەراج و کەندێناوە

- **جەماوەری ولاٚتپارێزی دەڤەری قەرەچووغ....**
- **کەس و کارو بنەماڵەی شەهیدە سەربەرزەکانی را پەرین .....**

راپەرینە گەلێرییەکەی بەهاری( 1991 ) ی باشووری کوردستان ,پەیامێکی نەتەوەیی و جەماوەری بەهێزبوو لە مێژووی گەلی کوردستاندا ,لە هەمان کاتدا وەلاٚمێکی راستەوخۆش بوو بۆ دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان , کە سەلماندی نەتەوەکەمان چیتر دەستەوئەژنۆ ناوەستیٚ و دەرفەت بە دوژمنان نادات مافەکانی پێشێل بکات و بە درندانەترین شێوە مامەلەی لەگەڵدا بکەن, هەر بۆیە لە ( 5 ) ی ئاداردا رانیەی دەروازە بووە دەستپێکی راپەرین و رۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە ماوەیەکی زۆر کورتدا توانی سەرجەم دام و دەزگا ئەمنی و داپلۆسێنەرەکانی رژێم تەخت بکەن و لە رەگ و ریشەوە بە کۆتایان بهێنێت , پاشان بلێسەی راپەرین هەنگاوی بەرەو شار و شارۆچکەکانی تری کوردستان نا و تا لە( 11 ) ی ئادار نرکەی راپەرین لە ( هەولێر) ی قەلاٚ و منارە زایەڵەی دایەوە و لە پەلامارێکی برووسك ئاسادا رقی پیرۆزی جەماوەر داباریيە سەر دوژمن و تەواوی شارەکە لە هێزەکانی داگیرکەر پاك کرایەوە ,هەر لەو رۆژەداجەماوەری دەڤەری مەخموور و قەراج و کەندێناوە مژدەی ئازادکردنی ( هەولێر ) ی پایتەختیان پێگەیشت و هەر زوو کەوتنەخۆئامادەکردن و لە بەرەبەیانی ( 12 ) ی ئادار لە پەلامارێکی بیٚوێنەدا توانیان لە ماوەی نیو کاتژمێردا دەست بە سەر تەواوی دام و دەزگاکانی رژێمدا بگرن و دەڤەرەکە لە دارو دەستەی دیکتاتۆر پاك بکەنەوە , بەلاٚم مخابن جەماوەری ( مەخموور و قەراج و کەندێناوە ) تەنها ( 20 ) رۆژ هەوای ئازادییان هەڵمژی لە (31) یئادار دووبارە رژێم پەلاماری ئەو دەڤەرەی داوەو جارێکی تر دام و دەزگا داپلۆسێنەرەکانی لە هەمبەر خەڵکی ناوچەکە خستەوەکار .

- **جەماوەری شۆرشگێر و سەربەخۆخوازی دەڤەری قەرەچووغ ...**
-

ئێمە لە کاتێکدا یادی (20 ) رۆژەی ئازادیی دەڤەرەکەمان دەکەینەوە , ئەمرۆ نزیکەی ( 2 ) ساڵی تەواو تێپەر دەبێت بە سەر ئازادیی یەکجارەکی ( مەخموور و قەراج و کەندێناوە و گوێر ) , بەم بۆنەوە بە ناوی خۆمان و سەرجەم کادر و ئەندام و دۆست و لایەنگرانمان لە هەرێمی قەرەچووغی ( ) , جوانترین و گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی تەواوی جەماوەری دەڤەرەکەمان دەکەین و هیواداریین لەمەودوا هەوڵی باشتر بدرێت و کاری زیاتر بکرێت بۆ سەرلەنویٚ ئاوەدانکردنەوەی گوندە خاپوورکراوەکانمان و گەراندنەوەی دەڤەرەکەمان بۆ سەر سنووری باشووری کوردستان و پتر فراوانکردن و برەودان بە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە ناوچەکەدا .

*** نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی دەڤەری قەرەچووغ و تێکرای شەهیدانی رێی سەرخۆبوون و ئازادی کوردستان .**

*** بەرزو پیرۆزبێت یادی را پەرین .**

*** مردن و روو رەشی بۆ دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان .**

**هەرێمی قەرەچووغی**
**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**
YNDK
**( 21 ) ی رەشەمێی 2704 ی کوردی**
**( 12 ) ی ئاداری 2005 ی زایینی**